میرزا ئەحمەدی داواشی رەمزی پێکەوەژیانی ئاینو ئاینزاکانی کرماشان

سەرەتا

رەوانشاد ئامیرزا ئەحمەد داواشی لە دایکبوی سالّی 1284 هەتاوی کۆچکردوی 1359 هەتاوی شاری رەوانسەری کرماشان ئەدیەبیەکی بەتەوانا و شارەزا لەمێژوو و زاراوە کوردیەکانو کەڵەشاعێری زاراوەی دەوڵەمەندی کوردی گۆرانی

لە دەگمەن شاعێرانی کوردە کە لەهەمۆ بوارە شێعریەکاندا لە هۆنینەوەی شێعر سەرکۆتوبۆە.لە چیرۆکە شێعرەکانی . سەنگتەراش و حەزرەتی موسا. گورگ و حاجی ریوی. مەرگی شاهین....سەڵمینەری تەوانمەند بوونی ئەو زاتەیە لە ئەم بوارە گرنگەدا.

لە هۆنینەوەی شێعری ئامۆژگاری و مۆناجات نامە یشدا زۆر سە.رکۆتوبووە.

لە شێعری حەماسیشدا . جەنگ نامەی هەلاڵە زەردەی ئەو لەسەردەمی خۆیدا بێ وێنەیە..

لە سەر ریو رەچەی حەزرەتی مەولەوی باوەری پتەوی هەبۆە بە پێکەوە ژیانی بیر وباوەرە جێوازەکانی ناو کوردەواری

شێعری بەرزو ماندگاری ئامیرزا سەبارەت بە پیرو مورشیدانی ئەهلی هەقی نیشانەی باوشی بازو پانو بەرینی بیرو باوەری ئەوزاتە گەورەیە لە بۆاری پێکەوەژیانو یەکتر قەبوڵ کردنی کۆمەڵایەتی و ئایینی

لە یەک چونی بیرو باوربە پێکوە ژیان و رێزدانان بۆ بیرو باوەرە جێوازەکان لە نێوان ئامیرزای داواشی و حەزرەتی مەولەوی.

لە نێو شاعێرانو ئەدیبانی کوردی گۆرانیدا دو کەڵەشاعێر زۆر بەتەواناو بلیمەت کە لە ئاسمانی ئەدەبیاتو وێژەی کوردیدا بەناوبانگن بەرێزدانان بو پیرۆزیەکانی یارسان بەتایبەت رێزلێنان بۆپیرانی یارسان وەکۆرێبەرانی ئاینیەکی خۆماڵی کوردی.

وە باوەری تەواوێیان هەبۆە بە یە کتر قەبوڵ کردنو پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانە

ئەوانیش سەید عەبدولرەحیم تاگۆزی بەناوبانگ بەمەولەوی کوردو

شاعێرمان رەوانشاد مامۆستا میرزا ئەحمەدی داواشیە

ئەم دو زاتە بەڕێزە هەردو لە دیوانە شێعرە بەنرخو رەنگینە کانیاندا چەندشێعری بە کەڵک و تەوانایان هەیە کە نیشخەمخۆری و هەوڵدانی ئەو دو حەکیمەیە لەبواری پیکەوەژیانی ئاشتیخۆازانەو یەکتر قەبۆڵ کردنە لەنیو ئایین و ئاینزاکانی نێو کوردەۆاری بەتایبەت ناوچەی کرماشان کە بە هندوستانی ئێران بەناوبانگە،

بێ گۆمان ئەگەر کەلامی گەوهەرباری زانایان و هەڵیۆستی ئەو پیاوچاکانە نەبۆایە لەم ناوچە ڕەنگاورەنگە باوەڕیەدا ئەو ئاشتە

وایی و سەقامگیری پێکەوژیانیەدا نەدەهاتە ئاراوە

کاتیەک مەولەوی لەسەردەمی بەناوبانگی و چالاکی ئەدەبی و شێعرهۆنینی خۆیدا ڕو ئەکاتەدالەهۆی سەربەرزو مەڵبەندی پیرانی یارسانو زیارەتی بارەگای باوایادگاردەکات و

لە قەسیدە شێعرە ی بەناوبانگەی خۆیدا

بەوپەڕی ڕیزو سۆزەوە باوایادگار دەلاوینیتەۆە

سەرشاریسەحبای بەزم موناجات

مەلجەی ئێلتجای ئەرباب حاجات

جای ڕجای جەرگەی پادشاو دەرویش

بارەگا پەناه پەی بگانەو خویش

ئاهوی خوتەنی فەیز ئێلاهی

نافەی ناف ڕاهی جەمە تاماهی

شکوفەی وەش بوی ڕەیحانەی ڕەسوڵ

نەوباوەی نەمام تەبیبەی بەتوول

سەروسایەدار نیشانەی وەلی

یەعنی یادگارمورتزای عەلی

وەرەوزەتانا هەرنویرواران بو

تادەفع زوڵمەت دیدەی یاران بو

هەوای سایەتان هەرمەمدودمانو

سەبوون بەردەی جەورم نەک زەرەرسانو

ناپۆختەکاری وشەرمەساریمەن

خجڵەت غفڵەت گوناهکاریمەن

کەفتەن،وەهەمدا یەند زورئاوەردەن

ڕوی ڕجام وەپای بارەگات کەردەن

توچون چەئەولادئەمجاد مولای

پەی ڕجا وەجا پەی هێمەت ئەولای

زاری و زگاری زویری کەردم

وەبارگای پاکت پەنا ئاوەردم

ئامام سەرنیام وەو بارگاوە

غەریو ڕووی سفید وەو ڕووی سیاوە

تەن معسیەت بار دەرون پڕ جەدەرد

دیدە تەڕ، لەب خوشک دڵ گەرم، نەفەس سەرد

های چەند پلەی سەخت هانەڕیمدا

جەڕووی ئیلتفات بدییەی پیمدا

بەڵکم جەڕووی ئەو ئیلتفاتەوە

مەولام حازر بو وەو نجاتەوە

دەس شای مەردان مەدد کارم بو

پلە ئەوپلە ئەو دەس وارم بو

مەعسیەت نیەن چون هیچ سەدەمەتی

خەیلی مەلولم یاپیر هێمەتی

هێمەتت باعێس ڕستگاری بو

یاربو دیاربو یادگاری بو

دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس . سەرشارسەهبای بەزم موناجات .لاپەرەی 289

ئاوە ها حەزرەتی مەولەوی لە پلەو پایەی باوای بان زەردە شاکاریەکی شێعری بێ وێنە سازدەکات و

دڵی پەیرەوانی باوایادگار ویارسانەکان بۆلای خۆی ڕادەکیەشی و لە پلەی بەرزی پیاو ە ئاینیەکی ئەهلی سونەت وزانایەکی بەناوبانگی ئیسلام وشاعێریەکی کوردزوان، خۆشەویستی خۆی ڕەوانەی دڵ ودەرۆنی هەر کوردیەکی یارسانی دەکات،

میرزا ئەحمەدی داواشی زۆر جۆانترو بەفراوانتر پێشوازی لە ریو رەچەی پر لە رێزو خۆشەویستی مەولەوی دەکات و

سەدەو نیۆیە کی ترپاش حەزرەتی مەولەوی هەرلەسەر رێو رەچەی پربایەخی گیانی یەکتر قەبوڵ کردنی مەولەوی درێژە بە ڕێۆ ڕەچە پیرۆزەکەی ئقوزاتە مەزنە دەدا ت و خەمخۆری و دڵسۆزی خۆی لە قاڵبی شێعر دەخاتەگربو ڕەخساندنی زەمینەی پێکەوژیانو رێکخستنی تەبایی و گیانی یەکتر قەبوڵ کردنی بێجێوازی لەناو وڵاتی کوردەواری کرماشانی ڕەنگینماندا و

بەقەسیدەشێعریەکی بێ وێنەدا بەوشەی جۆانو ڕەنگامەی سۆفیگەریو عێرفانیدا ئەوپەڕی خۆشەویستی و ڕێزلێنانی خۆیدا بە وێنە دەکیەشی

بەڕاستی میرزای داواشی ئەوەندە ئاشنایەلە پێگەی ئاینی مورشدانی یارسان.یەکسەر دڵی خوینەری یارسانی بۆلای خۆی دەفڕیەنی و خۆشەویستی خۆی دەداتەخوەردی هەر پەیرەویەکی ئەم ئاینە کوردیە کە زیاترین پەیرەوو پەرستگاکانی لەنێو خۆی وڵاتەکەماندایە

دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی . باسی مورشیدانی ئەهلی هەق لاپەرەی 155.

ئامیرزا لە خشتە شێعری ڕەنگین و بەنرخی باسی مورشێدانی ئەهلی هەقی خۆیدا

بەشارەزایی فەراوانیەکەوە باسی چۆارکەسایەتی لەڕێبەرانی یارسانی دەکات کە لەدرێژەی دوسەد و پەنجا ساڵ تاکو ئیستەدا لەئاوایی تویشامی لە ناوچەی گۆران لە ناوەندی ئایینی یارساندا ڕیبەڕایەتی ئەم ئایینە لە ئەستۆیاندا بووە،

بە پی سەرچاوە نێوخویو دەرەکیەکان ئەو چوارکەسایتیە یارسانیە کە ئامیرزای داواشی وەکۆ مورشیدانی ئەهلی هەق ناساندویانە لە راستیدا نەتەنیا بۆ یارسانیە کان کەڵکی زۆریان هەبۆە .تەنانەت لەلایەن زۆربەی خەڵکی کرماشانۆە بە سەرجەم پەیرەوانی رێبازی پیرۆزی شیعەو سوونەۆە لەهەڵویستە مێژوۆیەکانیان پیشوازی و پشتیوانی کراوە .وە بە ئێستاشەوە جیگای رێزی پەیروانی هەمۆ بیرو باۆرە کانن.

یەکەمین یان ئاسی براکەی گۆران بووە کە لەلای پەیرەوانی یارسانی بەسەردەمی هەشتەم وە تەواوتەرین سەردەمی ئایینی یارسان بەناوبانگە،

لە سەردەمی ئەم گەورە زاتەی کوردی یارسانیدا ولەژێر چاودیری ئەودا 36دیۆانی شێعری ئایینی کە بە کلامی هەقیقەت ناسراوان بە زمانی کوردی گۆرانی دانراوان وە تەنانەت دەستنۆسەکانیان لە ناوەندی ئایینی یارسان پارێزراون،

ئەو کلامەی خۆارەوە ی ئاسەی براکەی گۆرانە کە ئەو ڕاستیە ئەسەڵمیەنی کە جەمی چلتەن لە سەردەمی قاجارە لە ژێر چاۆدیری ئەوزاتە ئەو دیۆانە کلامەیانە دایان ناوە کە وە ئاخەرین دەورەی کلامی ناسراوە . وە تەنانەت دەوڵەمەندترین گۆگای ئەدەبی کوردی گورانی هەژماردەکریت . وەبەنرخترین پشتیوانو هۆی سەرەکی مانەوەی زمانی کوردین لەنیو یارسانیەکان بەتایبەت دانیشتوتنی شاری کرماشان.

وەتەکیەی حەیدەری وەکۆ ناوەندی ئایینی یارسان و شۆینی نیشتە جێ بوونی ئەو چۆارموردشدەی ئەهلی هەقە لەشێعرەکانی ئامیرزای داۆاشی ناویان هاتووە،

زۆرترین دەستنووسی کوردی تیدا پاریزراوە

نمۆنەیەک لە کەلامی کوردی گورانی ئاسەی براکەی گۆران

سەی براکە مەرمۆ

دۆستان دڵ جەم

جەم چل نشین دوستان دڵ جەم

دەرس وانان دەرس پەروانان شەم

یاوام ئەوحزور تۆغرای سەرڕەقەم

هەریەک مەتەڵەوان وەمەزمۆن خاس

چەند دۆڕ چەند دانە چەنددانەچەندلاڵ چەند ئەڵماس

یەکایەک،تەمام غەواسان پەسەند

ماڵام نەڕوی عەین وەبێ چۆن وچەند

ئنشاالله وەیومن خۆاجای سەرین ماڵ

مەیل وستەن وەحفز سەڕافان لاڵ

نیشانەی شەوقەن خەڵاف نەدارو

وەئەمر موسین ڕەحمەت مەۆارو

عەینەن وەئومید خۆاجای یەمەن کو

مەیلان بازەن نە بوتەی ئەیو

تەحقیق خاتێرجەم سەیادان دەستور

شون گاوکەفتەن تا قوبەی پڕ نور

ژەو بون زەبانان بیەن وەئەڵماس

ئێش وستەن نەدڵ شوعرای خاس

دفتر نوروزسورانی بەکوشش سید فریدون دانشور . دوستان دڵ جەم لاپەڕەی 7

سرودەی ئامیرزا ی داواشی سەبارەت بە ئاسەی براکەی گوران . دیوانی میرزائەحمەدی داواشی . باسی مورشیدانی ئەهلی هەق. لاپەرەی 155

پیرپاک نەزەرپیرپاک نەزەر

ئاسەی براکە پیرپاک نەزەر

ئەرمەکەردوە سەنگ سیایەک نەزەر

تەبدیل مەکەردش بەدانەی گەوهەر

جە فەسڵ زمسان وەرەو قەهاری

مەداش وە مێهمان میوەی بەهاری

سەحیح ئەلقەولەن لە ئەهل شعور

لەدی ئاوەردەن شامی و ئەنگور

دارای کرامات کەشف و کەرەم بی

چەندساحێو کەرەم لەدەورش جەم بی

کلام تەموور زەمزەمەی جەمش

ناڵەی مەستانەی دەور حەرەمش

هو هوی دەرویشان تەکیە نشینش

سەرشارنەبادەی لوتف پرتینش

بەنددەرئاوەران گوشەی جەمخانەش

موستەفەیزوەفەیزخاک ئاستانەش

سوزسەدای سەوت چزەوکزەی دڵ

دڵ ئەرجەسەنگ بی ماوەردش وەکوڵ

ئەحمەد ئی دونیای دوون مەکارە

هەریەکارشەن شووم بەدکارە

عامی و عالم سەیدو ئاغاو شیخ

بنچینەی قەڵای کی نەکەند نەبێخ

دوهەمین رێبەری یارسان کە ئامیرزا ی داواشی لەشێعری باسی مورشێدانی ئەهلی هەقدا باسی کردووە ئاسەی روستەمی گۆران بووە

سەی روستەم نەوەی ئاسەی براکەبووە لە سەرددمی ئەم زاتەدا چەند ساڵ پێش لە بەڵاو بونەوەی بیرۆکەی ئازادی خوازانەی مەشروتیەت .

کوردانی کرماشان بەتایبەت ئیڵی گۆرانی یارسانی . ئیڵی کەلهۆری شیعە و ئیڵی باجەلانی سوونە . بەریبەرایەتی ئەم زاتە یەک ئەگرن ولە دژی زوڵمداری و چاوسانەوەی خۆیان لەلایان ناسررەدین شای قاجارەوە رادەوستن و داوای ئازادی و مافە رواکانی خۆیان دەکەن

بۆ زیاتر ئاشنا بون لە گەل ئەم هەڵسانەوە. بروانە کتیبەکانی خا طرات حاج سیاح. خاطرات ضل السلطان.

وەهەروەها سەبارەت بە تەکیەداری ئاسەی روسەم رێبەری یارسان پاش ئاسەی براکە ئامیرزای داواشی ئاوەها ئەفەرمی

بەی تەورچەرخناش چەرخ پرستەم

تەکیە داریش دائەو وەسەید روستەم

بە فەزڵ وبەخشش .بە عەتاوکەرەم

بێ شک شایە بی خاس ترلە حاتەم

سەرسسپەردە ی خاک .ئەوزات پاکە

جاگیرجادار ئاسەیدبراکە

دارای کەرامات .کان کوی کەرەم

کقرم دارنەوی کەس وەک سەید روستەم

چون خوەر ئاوای بی لە مەغرەب زەمین

زەرەی باتن دا .وەسەید شەمس ئەلدین

هەمان سەرچاوە لاپەرەی 156

سیهەمین مورشید ئەهلی هەق . ریبەری یارسان. لە شێعری باسی مورشیدانی ئەهلی هەقی میرزا ئەحمەدی داواشی دا

سەسید شەمس ئەلدین حەیدەری . هەمان سەرچاوەو لاپەرە

ئێم زاتە لەساڵی 1320هاوکات لەگەڵداگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە جێا لە رێبەرایەتی ئایینی یارسانەوە حوکمرانی عەمارەتی گۆران بو.ئەوکات تەکیەی توتشامی وەکۆ ناوەندی ئایینی یارسانیەکان بو بە پناهگای لێقوماوانو داماوەکانی گشت ناوچەکە. وە بە فەرمانی ئەو مورشیدە یارسانیە لە سەربازان و پلەدارانی ئەرتشی ئیران پیشوازی کرا و بەسەلامەت پاش ابین کردنی پیداویستی سەفەر رەوانەی تاران کران .ئینگلیزیەکان پاش زاڵ بونی دەسلاتیان بەسەرئێراندا حکومەتی لایەنگری خەڵکی ئاسەیدد شەمس دین و بیروباوەری نیشتمان پەروەرانەی ئەو یان پی تەحەمول نەکراو بۆ ماوەی 10ساڵ لەداڵەهوو گۆران دوریان خستەوە

شەمس ئەلدین چون شەمس مەشرق بی تاین

رەوشەن کەرد وەنور ئاداب ئایین

پایەی ئستوار بورەان هەق بی

سیمای سەعادەت شەوق شەفەق بی

ئوستاد ئرشاد ئەهل هەق وەهەق

دەلیل بورهان باتن بی وە موتلەق

تەی کەردەی راگەی راسی وە ئخلاس

پەی بەردەی ئێکسیر. کیمیا شناس

نایافت نایاب نادر نامی

بوڵەند بی پایەی . عالی مەقامی

شیر بی ئەندیش بێشەی هونەربی

ئێنتخاب کەردەی ساحێب نەزەربی

بوزرگەواریش وا بەرمەلابی

بەرخوردار روژ قال وبەلابی

پیر مەیخانەو نازکیش نازبی

خەتم سەرحەلقەی. ئەهل نیازبی

فەیاز فازڵ. مەسنەد نشین بی

مەحبوب ئەلقلوب ئەهل یەقین بی

نەوید نەوای . جەرگەی ماتەم بی

دەرمان دڵان . دڵەی پرغەم بی

رەهنمای رەهبەرراگەی راسان بی

چون سەرو سەرتەڵ .بیشەی خاسان بی

چوارەمین مورشیدی ئەهلی هەق . رێبەری یارسان. لە شێعری باسی مورشێدانی . ئەهلی هەقی میرزا ئەحمەدی داواشیدا

سەیدنەسرئەلدین حەیدەری

هەمان سەرچاوە لاپەرەی 155

سەید نەسرەدین حەیدەری لەدایکبۆی ساڵی 13هەتاوی و رێبەری ئێستای ئایینی یارسان و دانیشتوی ئاوایی تۆتشامی وکۆ ناۆندی ئایینی ئەم بیر باۆرە .جیگای متمانەوە رێزی سەرجەم خەڵکی ناوچەکەو تەنانەت دەرۆەی ناوچەکەیش بە پەیرەۆانی گشت بیرو باۆرەکانەوە.

مارتین وان برویین سن.رۆژهەڵات ناسی بەناوبانگ بە شاتازیەوە باسی دیداری خۆی لە ناۆندی  یارسان دەکات لەسەردەمی رێبەرایەتی ئاقاسەید نەسرەدین حەیدەری.وباسی پێگەو جایگای ئەم زاتە دە کات لە نێۆ یارسانیەکاندا.

بازهەم چەرخش وەرد چەرخ چەپ نگین

تاج شەمس نیا وسەر نەسرەئەلدین

نور بینایی دیدەی نورین بی

جاگیرنەقەڵب . گیان شیرین بی

جەلاڵ وجلوەی جەم ئارای جەمەن

جەم نمای خاتر. خاتران جەمەن

شاهباز شەش دانگ .تەلارخانەی جەم

ستارەی شەمس ونەوەێ سەید روستەم .

هەق کوتا نەکات تادێر زەمانە

زەرەی نوروەشت.لەوخانەدانە

وەو .سولتانە.وا. ساقی ساقەن

ئەحمەد بەدیدار دیدەت موشتاقەن

ئەنجام

بێ گۆمان ئەم شێوە هەڵوێستە زانایانە زامنی مسۆگرکردنی ئاشتی و یەک قەبۆڵ کردنو پێکەوەژیانی ئاشتی خۆازانەیە لەوڵاتی ئێمەدا

ئەو ڕەوڵەی ئامیرزاگێڕاندۆیەتی بکریەتە سەرمەشقی ژیانی پەیرەوانی گشت ئایین وئاینزاکان، لە ناوچە کەدا بەتایبەت لەپاریزگای کرماشاندا

بەدڵنیایەوە ئەم ئاموژگارە پایەبەرزە لەشێعری باسی مورشدانی ئەهلی هەقدا ویستویەتی بەئیمەمانان وانەی پڕ لەخۆشەویستی و ئارامبەخش بڵیتەۆە، بڵی ئیمە ئەبی بەوردی و بەڕێزەوە ئاگامان لەبیرو باوەڕی یەکتربێت،

وەهەروەها بڕوانیننە پێگەو جێەگەی مورشیدانو پیرۆزیەکانی یەکتردا،

بەڕاستی میرزای داواشی ئەوەندە ئاشنایەلە پێگەی ئاینی مورشدانی یارسان.یەکسەر دڵی خوینەری یارسانی بۆلای خۆی دەفڕیەنی و خۆشەویستی خۆی دەداتەخوەردی هەر پەیرەویەکی ئەم ئاینە کوردیە لە کرماشان کە زیاترین پەیرەوو پەرستگای یارسانی لەخۆی گرتۆە

ئەبی ئامیرزای داۆاشی ببیتەرەمزی ئارامی وپێکۆەژیان لە ناو کوردەواریدا،

وە هەروەها ئەو هەڵویستەی ئامیرزا بکریەتە سەرمەشقی ژیانی پەیرەوانی گشت ئایین وئاینزاکان،

بەدڵنیایەوە ئەم ئاموژگارە پایەبەرزە لەشێعری باسی مورشدانی ئەهلی هەقدا ویستویەتی بەئیمەمانان وانەی پڕ لەخۆشەویستی و ئارامبەخش بڵیتەۆە، بڵی ئیمە ئەبی بەوردی و بەڕێزەوە ئاگامان لەبیرو باوەڕی یەکتربێت.وەئەو ڕێزلێنانە بۆ هەمۆان ئەبێتە مایەی خەیرو خۆشی .

نێعمەت زەحمەتکەش تاران

سەرچاۆەکان

1.دیۆانی میرزا ئەحمەدی داواشی.

2اهل حق پیران ومشاهیر

3خاطرات حاج سیاح

۴خاطرات ضل السلطان

۵ایلات وطوایف کرمانشاه دکتر محمد علی سلطانی

۶دیوان گوره گوران

۷دفتر نوروز سورانی سید فریدون دانشور

۸ دیوان مولوی عبدالکریم مدرس

۹مارتین وان برویین سن. جامعه شناسی مردم کورد